کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-1-2007 23:59

# وەڵامێک بۆ سەرۆکی دەستەی خوێندنی تەکنیکی ... بەمۆ چەتوون

کێ گێرەشێوێن و سنور بەزێنە؟
خۆزگە (ڕۆستەمی زاڵ) گۆڕ هەڵی ئەتەکاند و (ڕۆستەم عیزەت تاهیر) ی سەرۆکی دەستەی خوێندنی تەکنیکی کوردستان لە سلێمانی دەبینی چ (پاڵەوانێکە) ؟؟ و چۆن سلیمانی و کەلار بە (جەنگەلستان) ە کەی (مازندەران) تی ئەگاو (ڕەخشی) تیا تاو ئەدات و (گورزەکەی) تیا ڕائەوەشێنێت و ئەڵێت:-
1-من خۆم لە هەموو کەس بە گەورە تر ئەزانم، چۆن ماموستایانی کەلار لە سەروی منەوە سکاڵا دەکەن؟.
2-چۆن خۆی کردوە بە سەرۆکی دەستە و ڕاگری پەیمانگاکانی (کۆمپیوتەر، دوکان، هەڵەبجە و کۆلێژی تەکنیکی هەڵەبجە) لە بەر بی کەسی!!!
3-چۆن وەك سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوە (زاڵم) ی لێ بووە بە (جندی مەجهول و دەریا) و زولم لێکراو بە (سەگ و گلاو و گێرەشێوێن) و ماڵپەرەکان بە (بێ ئەخلاق) و سەرۆك و جێگری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بە (مافیا) ....... . هتد.
4-چۆن خۆی لە هەموو کەس بە یەکێتی تر و لە ڕۆشنبیران بە ڕۆشنبیرتر دەزانێت و چەند کەنیزەك و غیلمان دەوریان داوە و هێشتا ئەیەوێت ماموستا بکاتە سکرتێرە.
ئینجا بمانزانیایە چۆن خۆی ئەکاتەوە بە گۆڕەکەیدا!!!!
سەد خۆزگە فەیلەسوفەکانی قوتابخانەی ئیدارەی عیلمی (فریدریك تایلر) و (هنری فایۆل) لە گۆڕەکانیان سەریان هەڵبڕیایە
و ئەم مەبدەئە ئیداریانەی سەردەمی عەولەمەی (م. یونس السالحی) ڕاگری پەیمانگای تەکنیکی کەلاریان تاوتوێ بکردایە:-
1-من رزقت ئەبرم برۆ با خوا رزقت بدات
2-ئەوەی لێ ی ئەترسی بالە نزیکتەوە بێت.
3- ئەوەی خۆشت ناوێت با (دەمت لە ناو دەمیا بێت و ......لە......بێت)
4-ئەوەی خۆشت ناوێت (کەڵی دە و قوری دە)
بزانین چۆن بۆ هەتا هەتایە سەرلوتی خۆیان ڕەش دەکرد و خۆیان ئەکردەوە بە ژێر خاکدا.
خۆزگە ئاغا و دەرەبەگەکانی چەرخی ناوەڕاست
و تەنانەت (حسێن حازر) ی هاوڕێشی ملیان لە گۆڕەکانیانەوە دەرئەهێنا و چاویان بە کەلتوری ئەم (ماموستاو ڕاگرە) ی سەردەمی عەولەمە ئەکەوت بزانین چۆن نەفرەتیان لە عەولەمە ئەکرد.
یان (تاج المحل) زیندوو ببوایەتەوە
و سەیری ئەو بە ناو پەیمانگا و باخچە و دارزاوەی بکردایە کە (خلیل موسی) ی بە زۆر دەرکراو (12) ساڵ لە مەو پێش ناشتویەتی و ئەو شانازی پێوە دەکات، ئینجا بمانزانیایە چۆن ئارەقی شەرمەزاریان ئەسڕی.
خۆزگە بەگزادە کۆنەکانی جاف
زیندوو ئەبوونەوە ئەیانزانی چی بە (عێل بەگی) جاف ئەڵێت!؟؟ یان ئەوان هەرگیز بەو شێوەیە ڕەعیەتی خۆیان لە مولکە تاپۆکانیان!! دەرکردوە وەك ئەم بەرۆژنامە بانگەشەی چۆڵ کردنی پەیمانگا لە ماموستا و خوێندکار ئەکات؟؟. ئەی ئەوان هەرگیز بە ڕەعیەتی خۆیان ووتوە (خۆ مێردی دایکتان نەبوومە و تەڵاقم دابێت و ئێوەشم بەرەڵای کۆڵان کردبێت) ؟؟ ئەی هەرگیز جوتیار و وەرزێرەکانیان بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

(حوشتر مێگەل و قۆندەرە ماچکەر) زانیوە؟. یان قەت بووە ڕێزیان بۆ سەرۆك کۆمار و سەرۆکی هەرێم و سەرۆك وەزیران وەزیر و هیچ کەسێکی سەروو خواروی خۆیان بەو شێوەیە دانەنابێت. ؟

ئەو مەعریفەتەی (م. یونس) باسی ئەکات لە ژێر ناوی (دیلان گەرمیانی) دا و بۆ گەرمیانی هێناوە مەگەر ئەوەبێت (بە فانیلەی عەلاگە و شۆرت و خاولی سەر ملیەوە بە سەرخۆشی و بەئۆتۆمبێلی. . . خوێندنی باڵا!!. چوبێتە بازاڕ) !!و (هەموو شتێکی بە ڕەها و بێ سنور و حەڵاڵ بۆ خۆی مەزەندە کردبێت بێ ترس لە یاساکانی ئاسمان و زەوی) .

پیرۆزت بێت دیلان گەرمیانی ئەمڕۆ و (السالْحی) کاتی بەعس پیرۆزە

2007-1-28

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.